

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

# ئەدەبی نوێ و بەرنامەی خوێندن

ئەدەبی نوێ خەریکە ببێت بەئەدەبی نوخبە یاخۆ وەک چارەنووسی وا بێت تەنیا نوخبە، کەمێک لە نوخبە بایەخی پێ بدات، بەتایبەتی لەم چەند دەیەی دواییدا ئەوەندەی لە چاپ و چاپدانەوەدا بایەخ بەشیعری کۆن دەدرێ ئەوەندە بایەخ بەڕەوتی نادرێ.

مەبەستم لە بایەخدانەکە زەوقی خەڵکە لەگەڵ شیعر و ئەدەبی نوێدا کە لەگەڵیدا ڕێک ناکەوێت.

باشە ئەگەر بپرسین ئەو هۆکارانە چین لە پاڵ ئەم دیاردە ناشیاوەدا، ئەوە دەبێت لە کوێدا بیاندۆزینەوە؟

لە سروشتی تا ڕادەیەک داخراوی ئەدەبی نوێدا، یا لە ئاسۆی چاوەڕوانیی خەڵکدا "ئاسۆی چاوەڕوانی بەمانا ئایزەرییەکەی" یاخۆ لە چەشنی مامەڵەکردنی دەزگا و قوتابخانە و زانکۆکان لەگەڵ ئەدەبی نوێدا؟

من لێرەدا مەبەستم نییە لە ئەدەبی کۆن کەم بکەمەوە، کوردیش لە ئەدەبی کۆندا شیعری جوانی هەیە. پێم وایە بەهەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین لە پەخشاندا، بەهەموو چەشنەکانییەوە، کارێکی لە بەرچاوی وەهای بۆ بەجێ نەهێشتووین.

لە سەرەتای ژیانمدا وام بەسەر هاتبوو خەریکی سڕینەوەی ئەدەبی کۆن بووم، ئەمیش لە ژێر کاریگەریی ئەو زاراوە گرینگەدا کە پێی دەوترێ نوێگەری و سیحرێکی تایبەتی هەیە.

ئەمـە وای کـرد تەنانەت چاوم بەنمـوونە جـوانەکانـی ئەدەبی کۆندا هەڵنەیە.

ئێسـتا بەراورد لە نێوان هەندێک نموونەی ئەدەبی کۆن و نموونەی ئەدەبی تازەدا دەکەم کە دوێنێ نووسراون، دەبینم کۆنەکە تا ئێستا گوڕوتینی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نا کە من سەر بەنەوە و ئەدەبی نوێ نەبم.

خەڵک تا ئێستا، واتە زۆربەی خەڵک ئەگەر بەلای ئەدەبدا بچن هەر لایەنگری نموونەی کۆنن، تەنانەت زۆربەی جار ئەو کۆنانەیش کە هیچ بەهای هونەری مانایی وایان نییە.

ئەمەش هۆکاری زۆرە. یەک لەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی هوشـیـاری و ئاشنا نەبوونمان بە نوێگەری و دانانی بەشتێکی نامۆ.

جگە لەمە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ رۆڵێکی خراپ دەبینن.

لەگەڵ سەرەتای فێربوونی نووسین و خوێندندا، لە کۆنەوە حوجرە بناغە بووە. بەدرێژایی سەدەکان زانستخواز لە ئەدەبدا هەر لەسەر نموونەی کۆن پەروەردە کراوە.

شیعری کۆنی بۆ شەرح کراوە و پێی لەبەر کراوە و پێی گوازراوەتەوە بۆ خەڵکی تر. واتە بووە بەگێڕەرەوە "راویە" بەدرێژایی سەدەکان شیعریان بۆ وتراوە و بەزارەکی و نووسین گواستوویانەتەوە و ئەو چوارچێوە باوەیان پاراستووە و لە زەینی خەڵکدا چەسپاندوویانە زەوقیان پێ راهێناوە و داکۆکییان لێ کردووە و پاراستوویانە.

پێم وایە ئێستایش قوتابخانە و زانکۆ، واتە هەر لە منداڵییەوە تا تەواوکردنی قۆناغی باڵا لەسەر هەمان شێواز دەڕۆن هەمان قاڵب دەپارێزن..

ئەگەر سەیری کتێبی خوێندنەوەی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بکەین دەبینین لا لە ئەدەبی نوێ

"

**نموونەی جوان لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا کەمە بەڵام مێژووی سەد ساڵەی نوێگەریی کوردیش لە بەهای جوان خاڵی نییە.**

"

ناکـرێتــەوە. لێکۆڵینەوەیەک نابینی باسی ئەدەبی نوێ و نوێگەری و نوێبــوونەوە بکات. بەهەمـوو جۆرێک هەوڵی ئەوەی تێدا دراوە نموونـەی کۆن و وەزن قـافیـە و چەشنی باو لە زەینی زانستخوازدا بچەسپێ، وەک ئەوەی سـەدەی بیست و گـۆڕانکارییە گـەورەکان و کـاریگەرییان لەو بەرنامانەدا دەرکرابێتن. دیسان مامۆستایش دێت ئەو نموونانەیان پێ لەبەر دەکات کە ئەمە بۆ خۆی هەڵەیەکی گەورەیە و تا ئێستایش نەک تەنیا مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی بەڵکو زۆر لە مامۆستایانی زانکۆیش وازیان لێ نەهێناوە. جا ئیتر قوتابی هەر لەسەر ئەو نموونەیە پەروەردە دەکرێت و زەوقی بەوە دەکرێتەوە.

لە زانکۆیشدا، نەک تەنیا لە قۆناغی بەکالۆریۆسدا، بەڵکو لە کاتی خۆ ئامادەکردندا بۆ ماجیستێر و دکتۆرا هەر دێنەوە سەر ئەدەبی سەردەمی کۆن، بگرە زۆر جار بەدوای شاعیری وەهادا دەگەڕێن لە کوێرەدێیەکدا ژیاوە و بۆ زەوق سەد دێڕێکی وتووە و پاش مردنی بەسەد ساڵ قوتابییەک دێت ماجیستێر یا دکتۆرای لەسەر دێنێ. ئیتر بێ ئەوەی ئەم زانکۆیە بپرسێت بۆ. دەبێ گرینگیی و مەوقیعی لە شیعری کوردیدا چی بێت؟

یاخـۆ دەبینین حـیـزب و بزوتنەوەی سـیـاسی وەها هەن هەر لە بەیانیـیـەوە تا ئێـوارە بانگەشە بۆ نوێگەری دەکەن، بەڵام کە دێنە سەر ئەدەب باوترین نموونەی ئەدەبییان بەلاوە پەسەندە.

هێشتا هەر شیعر لای ئێمە باری سەنگینی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆڵ دەنێین.

ئیشیان بەپەیامێکی دەرەکی پێی هەیە، ئەمەش ئیقاعی سروودئامێزی دەوێ.

ئیتر قوتابی لەسەر کێش و قافیە و بێوێنەیی و گوتاری راستەوخۆ رادێت.

من دەڵێم نموونەی جوان لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا کەمە بەڵام مێژووی سەد ساڵەی نوێگەریی کوردیش لە بەهای جوان خاڵی نییە.

بەلامـەوە سـەیرە، سـەدەیەک گـۆڕانکاری و ئەزمـوونی ئەدەبی نوێ ئاسۆی چاوەڕوانیی "دیسانەوە بەمانا ئێزەرییەکەی" زەوق و بۆچوونی خەڵک نەگۆڕێ. بەڕادەی پێویست نەچێتە بەرنامەی خوێندن بەهەموو قۆناغەکانییەوە.

ئایا ئەمــە پێــوەندیی تەواوی بەخــودی ئەدەبی نوێ و گــرفــتــەکــانیــیــەوە هەیە یا بەوەرگرەکانییەوە؟.